## بەیانی ژمارە ( ٢٢ ) ی ساڵی ٢٠٢٤

## هێنانەکایەی حەرەمی گوندی (گەلوک نوی)

ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٤٨٤ لە ٢٠٢٤/٨/١١ )و(٥٩٥٨ لە ٢٠٢٤/١٠/٧) و (٦٣٩٤ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤) و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٧٢٣٢ لە ٢٠٢٤/٩/١٨) و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

**بڕیارماندا بە:**

**یەکەم :** هێنانەکایەی گوندی (**گەلوک نوی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی دارەتوو لە سنوری قەزای بەردەڕەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (**٣٩/١٢/٤٥ دۆنم**) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١) کەرتی (٥١/گەلوک) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (**٤١١٧**) لەرێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٢٨ وە لە ڕۆژنامەی ئەڤرۆ ژمارە (**٣٥٥٨**) لە ٢٠٢٤/٧/٢٨ بڵاو کراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەک بۆ :**

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ **هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD)** لەگەڵ ڕێزدا
- پارێزگای دهۆک/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.